KCCRC

Political Studies PS

# ڕێگەگرتن لە دووبارە دەرکەوتنەوەی داعش لە عێراق و سوریا




١١٥ زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

Political Studies

# ڕێگەگرتن لە دووبارە دەرکەوتنەوەی داعش لە عێراق و سوریا

گرووپی قەیرانەکان

وەرگێڕانی: بێستون حسین عارف

زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ١١٥

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ©

www.kurdistanc.com

kurdistan.kccrc@gmail.com

facebook.com/kurdistanccrc

053 - 318 2929

عێراق - سلێمانی - گردی سەرچنار

@KCCRC1

نیسانی ٢٠٢٠

# ڕێگەگرتن لە دووبارە دەرکەوتنەوەی داعش لە عێراق و سوریا*

گرووپی قەیرانەکان

دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سوریا (داعش) زیاتر لە جارێک بەزێنراوە، یان شکستی پێهێنراوە. لە ٢٠١٠ ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند کە هێزەکانی ئەمەریکا و عێراق زۆربەی سەرکردەکانی گرووپەکەیان- کە پێشتر وەک بەشێک لە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە چالاکی دەکرد- کوشتووە دەستگیریان کردوون، گومان هەبوو لە توانای گرووپەکە بۆ دووبارە خۆڕێکخستنەوە. بەڵام سێ ساڵ دواتر، داعش لە عێراقەوە بۆ سوریا فراوان بوو، نیمچە دەوڵەتێکی توندڕەوی دروستکرد. لە ٢٠١٤ ئەوان بە ناو خەلافەتێکی جیهانیان ڕاگەیاند و هێرشی فراوانیان دەستپێکرد، تەنانەت سەریکێشا بۆ کوشتن و وێرانکاری فراوان لە عێراق و سوریا. لە وەڵامدا هێزە جیهانییەکان هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتیان دروستکرد بۆ لە ناوبردنی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش. لە ٢٠١٧، حکومەتی عێراق سەرکەوتنی بەسەر گرووپەکەدا ڕاگەیاند، لە کاتێکدا ویلایەتە یەکگرتووەکان و هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) لە ئازاری ٢٠١٩ ڕایگەیاند، کە دوایین مۆڵگەی داعشیان لە ڕۆژهەڵاتی سوریا خاپوور کردووە.

سەرەڕای ئەوەی داعش لە ڕووی پراکتیکییەوە بە ناو دەوڵەتەکەی لە دەستدا، بەڵام ئەوان شێوازی شەڕکردنیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاشکرا و نیمچە ئەقلیدییەوە گۆڕی بۆ شەڕی پارتیزانی. لە ڕووی پراکتیکییەوە، عێراق و سوریا وەک سەنتەری چالاکییەکانی گرووپەکە مانەوە. بە پێی ڕاپۆرتەکانی داعش، چالاکی و ئۆپراسیۆنەکانیان بەشێوەیەکی سەرەکی لەناو ئەو دوو وڵاتەدا چڕ دەبێتەوە. بەرپرسەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان پێیانوایە کە فەرماندەی ناوەندی داعش ڕێنمایی فراوان بە شوێنکەوتووان و لایەنگرەکانیان دەدەن لە سەرانسەری جیهان، بەڵام نەک بەشێوەی ڕۆژانە . لە ساڵی ٢٠٠٧ەوە، بەرپرسەکان و شارەزایان بە بەردەوامی هۆشداریان داوە لە دەرکەوتنی داعش لە عێراق و سوریا، لەگەڵ ئەوەشدا قورس بووە توانای ڕێکخراوەکە لە هەر دەوڵەتێک بپێورێت. مەترسیدارترین هەڕەشە لە سوریایە، کاتێک تورکیا لەشکرکێشییەکی داگیرکاری بۆ سەر باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا ئەنجامدا لە دژی هاوبەشە سەرەکییەکەی ئەمەریکا (هێزەکانی سوریای دیموکرات) لە سوریا بۆ شەڕکردن لە دژی داعش، ئەمەش دوای بڕیاری لە ناکاوی دۆناڵد ترەمپ لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا و خۆ بەدوورگرتن لە پێکدادان .ئەم ڕاپۆرتە تیشک دەخاتە سەر چالاکییەکانی ئێستای داعش لە عێراق و سوریا، هەروەها مەترسی گەڕانەوەیان. بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی بەستووە بە کاری مەیدانی گرووپی قەیرانەکان لە عێراق و سوریا، لە ناویشیاندا زیاتر لە ١٥٠ چاوپێکەوتن لە ناو شارەکان لەو دوو وڵاتە و واشنتۆن و بەیروت و عەمان لەگەڵ هاوڵاتی مەدەنی و بەرپرسی ئەمنی

***(تێبینی: ئەم نووسینە پێش کوژرانی ئەبوبەکر بەغدادی سەرکردەی ڕێکخراوی داعش نوسراوە، بەڵام لەبەر گرنگی زانیارییەکانی بە باشمان زانی بڵاویبکەینەوە.... وەرگێڕ)**

و سەرکردەی ڕێکخراوی مەدەنی و کارمەندانی ڕێکخراوە مرۆییەکان و ئەوانی تر ئەنجامداوە. هەروەها پشت بەستراوە بە ڕاپۆرتەکانی پێشووی گرووپی قەیرانەکان لەسەر عێراق و سوریا.

**عێراق: یاخیبوونێکی نوێی داعش**

داعش لە ئێستادا لە عێراق لاواز بووە و تواناکانی زۆر کەمی کردووە، هەروەها شەڕی ئێستای داعش

> هێرشەکانی داعش هەوڵێکی ڕوون بوو بۆ ترساندنی دانیشتوانە عەرەبە لۆکاڵییەکان بۆ ئەوەی هاریکاری یەپەگە نەکەن

بە زۆری سنورداره لە ناوچە دوورە دەستەکانی عێراق. لە زۆربەی بەشەکانی عێراق ئاسایش باشتر بووە بە بەراورد بە هەر کاتێکی تری ساڵەکانی پێشوو - سەرەڕای توندوتیژی و خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانە، کە ئەم ئارامییە خەریکە لە بار دەبات. چەکداران و یەکەکانی داعش خۆیان حەشارداوە لە ناوچە سەختەکانی عێراق لە ناویشیاندا شاخەکان و ئەشکەوتەکان و بیابانە دوورەکان و گوندە داڕوخاو و وێرانەکان. ئەم ناوچە سەختانە حەشارگەیەکی سروشتین بۆ داعش، بە شێوەیەک کە بە ڕۆژ خۆیان حەشار دەدەن و بە شەویش لەڕێگەی بەکارهێنانی ماتۆرسکیل یاخود پیادەوە جوڵە بکەن. ئەوان

بۆ پەیداکردنی خواردن و چەک پشت دەبەستن بە کۆگای شاراوەی خواردن و چەک، هەروەها ئەو پێداویستیانەی هاوکارەکانیان بۆیان دەهێنن و دەستەبەری دەکەن. لە بیابانەکان داعش خۆیان لە ناو تونێلی ژێر زەوی دەشارنەوە، هەندێکیان ناوچەیەکی دوور دەبڕن بە نواندنی ئەوەی کە شوانن. ئەم ناوچانە ئاسان نییە بۆ گەیشتن پێی لە ڕێگای بەکارهێنانی ئامێرەکانی گواستنەوەی هێزە ئەمنییەکانی عێراقەوە. ئەم ناوچانە ناتوانرێت بە شێوەیەکی بەردەوام لە دەستی هێزە ئەمنییەکانی عێراق بمێننەوە، تەنها دەکرێت چاودێری بکرێن و بەردەوام پشکنینیان بۆ بکرێت. لەم ناوچە سەختانە، چەکدارەکانی داعش دەتوانن هاوڵاتیانی مەدەنی بکەنە ئامانج لەو شوێنانەی کە ڕۆڵی پۆلیس لاوازە. داعش لە ڕێگەی ڕفاندن یان زۆرلێکردنی هاوڵاتیانی مەدەنییەوە پاڵپشتی بۆخۆی پەیدا بکات. بەرپرسێکی سەربازی نەینەوا دەڵێت، ئەوە گرووپی گەورە نییە و ئەوان وەک دز و ڕێگر کار دەکەن و خەڵک دەکوژن و پارە دەبەن. لە ڕاستیدا، هەندێک لە چالاکییەکانی داعش بە ئاسانی جیاناکرێنەوە لە کاری ڕێگری و چەتەیی. داعش ڕایگەیاندووە، کە پارەیەکی زۆری کۆکردۆتەوە لە ماوەی باڵادەستی لە عێراق، کە ڕەنگە هەندێکیان لە ناو عێراق، یان دەرەوە شاردبێتەوە.

هەروەها گرووپەکانی داعش بە شێوەیەکی ئاشکرا بەشداری لە توندوتیژی و تیرۆری سیاسی دەکەن لەو ناوچانە. ئەوان بەشێوەیەکی سیستماتیکی نوێنەرە لۆکاڵییەکانی حکومەت دەکوژن، لە ناویشیاندا موختاری گوندەکان و ئەندامانی هێزە ئەمنییەکان. ئامانجی ئاشکرا لە پشت ئەم کارانەوە بریتییە لە ترساندنی دانیشتوانی ناوچەکە بۆ ئەوەی هاریکاری دەزگا ئەمنییەکانی عێراق نەکەن. هەروەها چەکدارەکان هێرش دەکەنە سەر خاڵەکانی پشکنین و بە ئامانج گرتنی ئەندامانی هێزە ئەمنییەکان لە ڕێگەی بۆمبی چێنراو و بۆسە نانەوە و کوشتنی ئەندامانی هێزە عێراقییەکان لە ڕێگەی قەناس

بەدەستەکانەوە. کاتێک داعش موختارەکان دەکوژێت، هەم پەیوەندی حکومەت بەو ناوچانەوە دەپچڕێنێت هەم دانیشتوانی ئەو ناوچانە دەترسێنێت. دواتر گرووپەکە وێنە و نەنانەت هەندێک جار ڤیدیۆی کوشتنەکان لە میدیاکان بڵاو دەکەنەوە بۆ کاریگەری خستنە سەر دانیشتوانی ئەو ناوچانە.

زۆرێک لە چەکدارە چالاکەکانی داعش وا دەردەکەوێت کە عێراقیی، یان خەڵکی ئەو ناوچانە بن کە ئۆپراسیۆنی تێدا ئەنجامدەدەن. ژمارەیەکی کەمی چەکداری بیانی لە ناو ڕیزەکانی داعش لە

> **ئەگەر هێرشەکان ئاڕاستەی هێزەکانی سوریای دیموکرات بگۆڕن بەرەو سنورەکانی باکوور، ئەوا داعش دەردەکەوێتەوە**

عێراق ماون، ئەوان ئێستا نامۆن لە ناو داعش و بە ئاسانی ناتوانن بمێننەوە. چەکدارە لۆکاڵییەکانیش شارەزای دانیشتوانیی ناوچەکە و جوگرافیەکەین و - دەزانن کێ کێیە و بۆ کوێ بگەڕێنەوە. لە کەرکوک، دانیشتوانەکەی دەڵێن ئەوان دەتوانن جیاوازی بکەن لە نێوان هێرشەکانی داعش و تاوانی ئاسایی، لەبەرئەوەی ئەوان ئەو هێرشبەرە داعشانە دەناسن بە شێوەی کەسی وەک هەڵهاتووی لۆکاڵی داعش.

ئەم داعشانە خۆشیان دانیشتوانی ناوچەکە دەناسن، لە هەندێک شوێن دەتوانن پشت بە خێزانەکان ببەستن بۆ دابینکردنی پێداویستی بۆیان. لە نێو چەکدارەکانی داعش، هەندێکیان ڕەنگە ئایدۆلۆجی بن، بەڵام هەموویان داواکراون لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە، هاندەرەکانیان هەرچییەک بێت. ڕیزەکانی داعش زۆر لاواز و لەرزۆک بووە لە چاو ئەو کاتەی کە دەسەڵاتێکی دیفاکتۆ بوو، لە رووی سەربازییەوە بەهێز بوو. بەڵام بەلایەنی کەمەوە هەندێک لە چەکدار و کادیرەکانی ماونەتەوە و دەتوانن ببنە داینەمۆی زیندووکردنەوەی بیرۆکەی داعش لەسەر ئاستێکی فراوان.

زۆرێک لەو عێراقیانەی چاوپێکەوتنیان لە گەڵ کراوە لە لایەن گرووپی قەیرانەکانەوە دەڵێن، داعش ئێستا خەڵک ناچێنە ڕیزەکانییەوە. یەکێک لە بەرپرسەکانی کەرکوک وتی، شانەکانی داعش وادەردەکەوێت کە ناتوانن بگیرسێنەوە لەدوای ئەوەی هاوپەیمانان هێرشیان کردە سەریان، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئەوان ناتوانن ئەندامی نوێ بهێننە ڕیزەکانیانەوە و بە ئاسانی ناتوانن پشتگیریان لە شوێنەکانی ترەوە پێبگات: «گرووپەکان کاتێک بۆردومان دەکرێن لاواز دەبن. ئەوان دەگەڕێنەوە، بەڵام نەک بەهێزی جارانەوە». چەکدارەکانی داعش بە ئاسانی ناتوانن هاتوچۆ بکەن بەبێ پشکنین، لەبەرئەوە ڕەنگە ئەوان ئازادییەکی زیاتری جوڵەکردنیان هەبێت لە بیابانە کراوەکان کە خاڵی پشکنینی لێ نییە. هەندێکیان هاتونەتە ناو عێراقەوە لە ڕێگەی بیابانە سنورییەکانی سوریاوە، کە ئاڕادەیەک ئەو سنورانە نەپارێزراون لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە. وادەردەکەوێت یەکەکانی داعش لە پەیوەندیدان لەگەڵ یەکتر و شوێنی ڕێنماییەکانی سەرکردەکانیان لە ئاستی باڵا دەکەون.

هەروەها داعش سوودمەند دەبێت لە شکستی هاریکاری نێوان دووژمنەکانی، لە ناویشیاندا بە درێژایی سنورەکانی ناوچە جێ ناکۆکەکان لە نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان. داعش بۆشایی ئەمنی لە نێوان هێزە عێراقییەکان و هێزەکانی پێشمەرگە دەقۆزێتەوە، کە تیایدا داعش دەتوانێت هێرش بکاتە

سەر هەردوو لایان. سەرەڕای ئەوەش، هەندێک هاریکاری و لێکتێگەیشتن لە نێوان هێزە ئەمنییەکانی عێراق و هێزەکانی پێشمەرگە ماوە دوای ئەوەی هێزەکانی کورد لە ناوچە جێناکۆکەکان دەرکران لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٧. لەگەڵ ئەوەشدا، بێمتمانەییەکی قوڵ لە نێوان هەردوو لادا هەیە.

لە ساڵی ٢٠١٧ەوە وادەردەکەوێت کە داعش بێ توانا بووە لەوەی ڕۆچێنە نێو شارەکانی عێراقەوە، نەک تەنها پایەختی عێراق بەغدا، بەڵکو شارە بچوکەکانی وەک فەلوجەش. ئەمەش واتای ئەوە نییە داعش هەوڵی نەداوە: بەرپرسە عێراقییەکان دەڵێن بێزارن لە پیلانەکانی داعش لە ناوچە شارنشینەکان. ئەو توندوتیژیانەی لە شارەکان ڕوویانداوە – لە ناویشیاندا ئەو ئەقینەوانەی کە کەس بەرپرسیارێتی نەگرتووەتە ئەستۆ لە شارەکانی موسڵ و کەرکوک زۆر قورسە بخرێنە پاڵ داعش. زۆرێک گومانیان هەیە لەوەی کە هێرشبەرەکان پەیوەندیان بە داعشەوە نییە و ڕەنگە هاندەری تریان هەبێت. شارەکانی عێراق پڕن لە کارەکتەری چەکدار، ڕەنگە هەریەکە لەو کارەکتەرە سەربازیانە پەنا بۆ توندوتیژی بەرن لەبەر چەند هۆکارێک. ڕەنگە هەندێکیان بەرژەوەندیان لە زیادەڕۆیی کردن لە ڕۆڵی داعش هەبێت، ئەمە وادەکات گرووپێکی گونجاو بن بۆ ئەوەی سەرزەنشت بکرێن. هەروەها ترسێکی بەردەوام هەیە لەوەی کە شانە نوستووەکانی داعش لە چاوەڕوانیدا بن لە سەرانسەری وڵات.

### داعش لە سوریا بە نزیکەیی شکستی هێناوە بەڵام تا کەی؟

دەستێوەردانی تورکیا لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا، لە دوای بڕیارەکەی دۆناڵد ترەمپ لە ٦ ئۆکتۆبەری ٢٠١٩، بەزاندنی داعشی لە سوریا خستە ژێر گومانەوە. لە دوای پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆگان، ترەمپ ڕایگەیاند، تورکیا هێرشی سەربازی بۆ سەر باکووری سوریا ئەنجامدەدات و وتی، هێزەکانی ئەمەریکا چی تر لەو ناوچانەی شەڕ نابن و ئامادەییان نابێت. هەروەها ئەو وتی، تورکیا بەرپرسیار دەبێت بۆ دەستگیرکردن و زیندانی کردنی داعشەکان لەوێ. وادەردەکەوێت بەیاننامەکەی ترەمپ هەڵکردنی گڵۆپی سەوز بووبێت بۆ دەستێوەردانی سەربازی تاک لایەنەی تورکیا لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا. بەڵام دواتر دۆناڵد ترەمپ هۆشداری دا لەوەی کە ئابووری تورکیا دادەروخێنێت ئەگەر تورکیا هەر شتێک بکات لە دەرەوەی ئەوەی بۆی دیاریکراوە، دواتر ترەمپ لە تویتێکدا دەڵێت «ئێمە ڕەنگە لە پرۆسەی جێهشتنی سوریادا بین، بەڵام بەهیچ شێوەیەک کوردەکانمان جێنەهێشتووە. تورکیا تێدەگات لەوەی کاتێک ئێمە تەنها ٥٠ سەربازمان هێشتبووەوە لەو ناوچەیەی سوریا، ئەوان لەوێ کشاونەتەوە، هەر شەڕێکی لە سنور بەدەر سەردەکێشێت بۆ وێرانکردنی ئابووری تورکیا و دراوە لاوازەکەیان. ئێمە یارمەتی کوردەکان دەدەین لە ڕووی دارایی و سەربازییەوە.

وادەردەکەوێت پەیامەکانی ترەمپ قەناعەتی بە تورکیا نەکردووە. لە ٩ ئۆکتۆبەر، ئەردۆگان سەرۆک کۆماری تورکیا ئۆپراسیۆنی چەکداری بۆ سەر باکووری سوریا دەستپێکرد. لەهەمانکاتدا تورکیا دەستیکرد بە بۆردومان کردنی ناوچەکانی باکووری سوریا بەدرێژایی سنورەکان بە بەکارهێنانی تۆپ و هێرشی ئاسمانی. پێکدادانەکان لە نێوان تورکیا و هێزەکانی سوریای دیموکرات لەسەر سنورەکانی تورکیا – سوریا پێدەچێت بەلایەنی کەمەوە فشارەکانی سەر داعش کەمبکاتەوە، کە دواین مۆڵگەی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی سوریا لە ئازاری ٢٠١٩ لە دەست دا، بەڵام گرووپەکە وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ناچالاک بەردەوامە. لە مانگی ئازارەوە، هێزەکانی سوریای دیموکرات بەردەوامن لە شوێن کەوتنی پاشماوەکانی داعش لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی باکووری سوریا و دەستگیرکردن و دەستبەسەرکردنی هەزاران چەکداریی داعش. هێزەکانی سوریای دیموکرات هۆشداریان دا لەوەی کە ڕەنگە بە ناچاری هێزەکانی بەرەو سنورەکانی باکووری سوریا بجوڵێنێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی

داگیرکاری تورکیا، کەواتە پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، ئایا تورکیا پێویست دەکات هێرش بکات لە کاتێکدا کە دەرەنجامی زۆر خراپی لەسەر هەوڵەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی داعش دەبێت؟

### یاخی بوونێکی نوێی داعش لە سوریا

بوونی داعش لە سوریا لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت کە وڵاتەکە نێکەڵەیەکە لە کۆنترۆڵی هەرێمی. لە کۆتاییدا لە سوریا، داعش لە لایەن هەندێک ڕکابەر و دووژمنی یەکترەوە تێکشکێنرا، لە لایەکەوە هێزەکانی سوریای دیموکرات لەگەڵ ویلایەتەیە یەکگرتووەکان بە پشتگیری هاوپەیمانان، لە لایەکی ترەوە ڕژێمی سوریا بە هاوکاری ئێران و ڕووسیا، هەروەها گرووپە ئۆپۆزیسیۆنەکان بە پاڵپشتی تورکیا. ئەم هێزانە ناوچەکانی ژێر دەستی داعشیان لە نێوان خۆیان دابەشکرد، هەر هێزێک بەردەوام دەبێت لە شوێنکەوتنی پاشماوەکانی داعش لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان. هەریەکە لەم ناوچانە تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەروەها هێزی ئەمنی خۆیان هەیە، لەبەرئەوە داعش ئۆپراسیۆنی جیاوازی بەکارهێناوە لە هەریەکە لەو ناوچانە. گرووپەکە بەڵێنی داوە وانەیەک فێری هەموو لایەنەکان بکەن لە شەڕی سوریادا.

لە ڕۆژئاوای باکووری سوریا، لە ناویشیاندا پارێزگای ئیدلیب کە لە لایەن گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکانی سوریاوە کۆنترۆڵکراوە، شانە نهێنییەکانی داعش ئەو گرووپانەیان کردووەتە ئامانج لە ڕێگەی تەقینەوە و تیرۆرکردنەوە. بەهەمان شێوە داعش بانگەشەی هێرشەکانی لە ناوچەکانی تری سوریا کردووە، لە ناویشیاندا ناوچەی درعا کە لە ژێر دەستی ڕژێمی سوریادایە. بە پێچەوانەوە لە ناوچە کراوە بیابانییەکانی سوریا، داعش توانیویەتی هێرشی فراوانتر بکاتە سەر هێزەکانی ڕژێمی سوریا. گرووپی داعش کەمپێکی دروستکردووە لە ئەشکەوت و ناوچە بەردادوییەکانی بیابانەکانی بادیە، کە لەوێوە هێرشە دەورییەکانی بۆ سەر سوپای سوریا و هێزە هاوکارەکان لە دەرەوەی شاری تەدمور ئەنجامدەدات.

وادەردەکەوێت یەکەکانی داعش لە بیابانەکانی سوریا دەتوانن ڕێگاکان دابخەن و بە کۆمەڵ هێرش بکەن، لە کاتێکدا ناتوانن هەمان چالاکی ئەنجامبدەن لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی سوریای دیموکرات.

ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا کە لە لایەن هێزەکانی سوریای دیموکرات کۆنترۆڵکراوە، ئەو ناوچانە بوون کە داعش پێشتر لە سوریا داگیری کردبوون، لە ئێستاشدا سەرەکیترین شوێنە بۆ یاخی بوونی داعش. ئەنانەت لە ناو ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی هەسەدە، داعش تاکتیکی جیاوازی بەکارهێناوە بە پێی شوێنەکان. دەوترێت کە داعش تۆڕی نهێنی زیاتر لێهاتووی هەیە لە ناوچەکانی ڕەقە و حەسەکە، ئەو شوێنەی کە هێرشی ئاڵۆز و زیاتر مەبەستاوی لێوە ئەنجامدەدرێت. هێرشێکی داعش لە ٩ ئۆکتۆبەر لە شاری ڕەقە ئاماژەی خراپ بوونی ئاسایشی ناوچەکەیە، هەروەها دەکرێت زیاتر بەرەو ئاڵۆزی بچێت لە گەڵ دەستێوەردانەکانی تورکیا.

داعش پێکهاتەی عەرەبی ناو هێزەکانی سوریای دیموکراتی بە تایبەتی کردووەتە ئامانج. بە یارمەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانان، یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) تونای هێزێکی گەورەی فرە ئیسنی دروستبکات لە ناویشیاندا زۆرێک لە عەرەبە لۆکاڵییەکان لەخۆبگرێت. لەم چوارچێوەیەدا هێرشەکانی داعش هەوڵێکی ڕوون بوو بۆ ترساندنی دانیشتوانە عەرەبە لۆکاڵییەکان بۆ ئەوەی هاریکاری یەپەگە نەکەن، هەوڵێک بۆ ڕووخانی دامەزراوەکانی حکومەتە لۆکاڵییەکان بۆ ئەوەی یەپەگە هیچ هاریکاریەکی نەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش. بەشێوەیەکی فراوان، دەبێت هێزەکانی سوریای دیموکرات مامەڵە لەگەڵ هەزاران چەکداری داعش بکەن لەگەڵ ژن و منداڵەکانیان، کە هەندێکیان زۆر مەترسیدارن بە سروشتی خۆیان. بەرپرسەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانان پێیانوایە،

سەرکردەکانی داعش پاشماوەی چەکدارەکانیان ئاراستەکردووە بۆ ئەوەی خۆیان ڕادەستی هێزەکانی سوریای دیموکرات بکەن بۆ ئەوەی ئەندامەکانیان ڕێکبخەنەوە لە کەمپەکانی دەستبەسەرکردن. پاراستن و پارێزگاری کردن لە ناوەندەکانی دەستبەسەرکردن قورساییەکی زۆری خستووەتە سەر هێزەکانی سوریای دیموکرات. لەگەڵ ئەوەشدا، هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکان جگە لە یارمەتییەکی

> **دەستێوەردانەکانی تورکیا و شەڕوپێکدادانەکان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا مەترسییە لە سەر دووبارە ژیانەوەی داعش لەو ناوچانە**

سنوردار نەیانتوانیوە بەشدارییەکی چالاکتر بکەن لە بەهێزکردنی ئاسایشی ناوەندەکان و زیندانییەکانی ژێر دەسەڵاتی هەسەدە. هاوبەشەکانی هێزەکانی سوریای دیموکرات نیگەرانن لەوەی ڕەنگە داعش ئەو ناوەندە لاوازانەی دەستبەسەرکردن بکەنە ئامانج و بیانشکێنن، ئەو کاتە هەڵهاتنی بەکۆمەڵی چەکدارانی داعش ڕوودەدات، ئەم مەترسیانەش زۆر زیاتر جێگەی نیگەرانین لە ئێستادا کە تورکیا و هاوپەیمانەکانی چوونەتە ناو باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریاوە و هێزەکانی سوریای دیموکرات دەبێت هێزەکانی ئاراستەی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوان بکەن. وادەردەکەوێت کە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا زۆر لاوازە لە ئێستادا بەهۆی بوونی چەکدارانی داعش و بەگشتی بارودۆخێکی خراپ لە دێرە زور، بوونی چەندین کەمپ و سەنتەری لاوازی پڕ لە زیندانی چەکدارانی داعش و ژن و منداڵەکانیان. دەستێوەردانەکانی تورکیا و ڕووبەڕووبوونەوە لە نێوان تورکیا و هێزەکانی سوریای دیموکرات لە سەر سنورەکانی باکووری سوریا پێدەچێت کێشەکان بە شێوەیەکی دراماتیکی خراپتر بکات. گۆڕینی ئاراستەی هێزەکانی سوریای دیموکرات بەرەو باکوور کە ئێستا پارێزگاری لە ناوچەکانی باشوری سوریا دەکەن و بەردەوامن لە شوێن کەوتنی شانەکانی داعش ڕێگە خۆشکەرە دەبێت بۆ ئەوەی پێکهاتە پەرش و بلاوەکانی داعش خۆیان ڕێک بخەنەوە و ئۆپراسیۆنەکانیان فراوان بکەن. ناوەند و زیندانییەکان کە داعشە دەسگیرکراوەکانی تێدایە، دەکرێت ببێنە ئامانجێکی ئاسان بۆ هێرش و شکاندنیان ئەگەر بە باشی نەپارێزرێن. مەزڵوم کۆبانێ فەرماندەی هێزەکانی سوریای دیموکرات پێشوەختە وتویەتی کە پارێزگاری کردن لە زیندانییەکانی داعش کاری دووەمیانە لە کاتێکدا هێزەکانیان ئامادەکاری دەکەن بۆ جەنگی بەرگریکردن لەگەڵ تورکیا. بەرپرسێکی ئەمریکی هۆشداری دا «ئەگەر هێرشەکان ئاراستەی هێزەکانی سوریای دیموکرات بگۆڕن بەرەو سنورەکانی باکوور، ئەوا داعش دەردەکەوێتەوە.»

### ڕێگەگرتن لە سەرهەڵدانەوەی داعش

لەگەڵ ئەوەی پێدەچێت مەحاڵ بێت کە داعش بە تەواوی لە عێراق و سوریا بسڕدرێتەوە، بەڵام دەکرێت توانا و مەودای چالاکییەکانیان لەناوببرێت. هەروەک بەرپرسێکی باڵای ئەمنی عێراق بەمشێوەیە پرسەکە شیدەکاتەوە «لە بارودۆخی ئێستادا، دەرفەتێک هەیە بۆ هێشتنەوەی ڕێکخراوەکە بە بچوکی، سنوردارکردنی کاریگەرییەکانی لە ناوچە دوورە دەستەکان. بەڵام بە نیسبەت کۆتایی پێ هێنانیان بە تەواوەتی، ئەوە زۆر قورسە.» دەستێوەردانەکانی تورکیا و شەڕوپێکدادانەکان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی

سوریا مەترسییە لە سەر دووبارە ژیانەوەی داعش لەو ناوچانە.

گرنگترین و یەکەم کارێک بۆ ڕێگە گرتن لە دووبارە زیندووبوونەوە داعش بریتییە لە وەستاندن، یان کەمکردنەوەی کاریگەری دەستێوەردانەکانی تورکیا لە دژی هێزەکانی سوریای دیموکرات. دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە شوێنەکانیان لە سەر سنورەکانی سوریا - تورکیا، چی تر هیچ ئەمەریکییەک لەوێ نییە ڕێگر بێت لە هێرشەکانی تورکیا. لەگەڵ ئەوەشدا، ترەمپ هەڕەشەی

> ## هەوڵەکانی ئەمەریکا بۆ فشارکردن بۆ ئەوەی عێراق بچێتە بەرەی ئەمەریکاوە لە دژی ئێران ڕەنگە باجەکەی زیندووبوونەوەی داعش بێت

ڕووخاندنی ئابووری تورکیای کرد ئەگەر ئەنقەرە «جەنگی ناپێویست و هەڵە» لە دژی هاوپەیمانە کوردەکان لە سوریا ئەنجام بدات، هەروەها بەڵێنی دا کە داگیرکاری تورکیا ڕەنگە زیانی زۆر بە پەیوەندی دوو لایەنەی تورکیا و ئەمەریکا بگەیەنێت. هاوپەیمانەکانی واشنتۆن ئیدانەی داگیرکارییەکەی تورکیایان کرد و داوایان لە تورکیا کرد هێرشەکانی بوەستێنێت. ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی پێویستە زیاتر فشار لە تورکیا بکەن بۆ ئەوەی هێرشەکانی بوەستێنێت، ئەو هێرشانەی

کە ئەنقەرە ڕەنگە باجێکی زۆری دیبلۆماتی بدات و مەترسی دروستبوونی توندوتیژییەکی ناوخۆیی نوێی لە ناو تورکیا لێبکەوێتەوە، ئەگەر پارتی کرێکارانی کوردستان هێرشەکانی خۆی دەستپێبکاتەوە.

ئەگەر تورکیا قەناعەت پێبکرێت لە وەستاندنی زیاتر چوونە ناو باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریاوە، هێشتا هێزەکانی سوریای دیموکرات پێویستیان بە خولێکی تری یارمەتی هاوپەیمانانە بۆ شوێنکەوتنی پاشماوەکانی داعش و دابینکردنی سەقامگیری لەو ناوچانەی کە لە دەستی گرووپەکە ڕزگاریان کردووە. هێزەکانی هاوپەیمانان بە سەرکردایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان پێویستە کار لەگەڵ هێزەکانی سوریای دیموکرات بکەن بۆ شۆڕ کردنەوەی دەسەڵات و بەرپرسیارێتی ئەمنی بۆ ئەکتەرە لۆکاڵییە عەرەبەکان لە پێناو بەهێزکردنی دەسکەوتەکانی دوای داعش. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو ئەکتەرە عەرەبە لۆکاڵیانە پێویستیان بە یارمەتی بەردەوامی هێزەکانی سوریای دیموکرات و هاوپەیمانان هەیە لە ڕووی پێداویستی و یارمەتی لۆجستییەوە، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە خۆیان بکەن لە بەرامبەر ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش. وڵاتانی بەشدار لە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژی داعش پێویستە کاربکەن بۆ بەهێزکردنی ئەو شوێنانەی کە داعشە دەستبەسەرکراوەکانی تێدایە و لە لایەن هێزەکانی سوریای دیموکراتەوە پارێزگاریان لێدەکرێت، ئەگەر ئەوان ناتوانن شوێنی نوێ بۆ زیندانیکردن دروستبکەن.

ئەگەر وادەربکەوێت کە ویلایەتە یەکگرتووەکان بێ توانایە، یان هیچ ڕێوشوێنێک لە بەرامبەر تورکیا نەگرێتە بەر، ئەوا ئاکە هەل لەبەردەم یەکینەکانی پاراستنی گەل بریتییە لە گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لە گەڵ ڕژێمی سوریا بۆ گەڕانەوەی سەروەری خاکی سوریا لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریاوە. لەم بارودۆخەدا، ڕووسیا دەتوانێت ڕۆڵی نێوەندگیر بگێڕێت لە نێوان یەکینەکانی پاراستنی گەل و ڕژێمی سوریا، هەروەها دەستێوەردان بکات لەگەڵ تورکیا بە پشتگیریکردن بۆ بڵاوەپێکردنی هێزەکانی ڕژێمی

سوریا لە سەر سنورەکانی تورکیا و دڵنیای بدات بە تورکیا کە گەڕانەوەی هێزەکانی ڕژێمی سوریا بۆ ئەو ناوچانە زۆر جیدی دەبێت نەک تەنها ڕەمزی. ڕووسیا پێشوەختە گفتوگۆی لەسەر زیندووکردنەوەی ڕێککەوتننامەی ئەدەنەی ١٩٩٨ کردووە، کە ڕێگە بە تورکیا دەدات بۆ ئەنجامدانی ئۆپراسیۆن لە سەر سنورەکان سوریا - تورکیا.

لە ئێستادا پێگەی یەکینەکانی پاراستنی گەل بۆ مامەڵەکردن لاوازە، لەو کاتەی کە تورکیا باڵادەستە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ یەکینەکانی پاراستنی گەل تەنانەت ڕێککەوتنێکی خراپ لەگەڵ دیمەشق وادەردەکەوێت باشترە لە دووبارە بوونەوەی ئەزموونی عەفرین لە سەر دەستی تورکیا لەو سنورە درێژانەی کە بە نزیکەیی سەنتەری هەموو دانیشتوانی کوردانی ڕۆژئاڤایە لە سوریا. بەهەمان شێوە، دیمەشقیش بەلایەنی کەمەوە هەندێک هاندەری هەیە بۆ ئەوەی زیاتر نەرمی بنوێنێت، نەوەکو تورکیا بەشێکی گەورەی ڕۆژهەڵاتی خاکی سوریا داگیر بکات بۆ ماوەیەکی دوورمەودا.

لە ٩ ئۆکتۆبەر، سیرگی لاڤرۆڤ وەزیری دەرەوەی ڕووسیا وتی، ڕووسیا هانی گفتوگۆ و دانوستان دەدات لە نێوان تورکیا و نوێنەرەکانی کورد. هەروەک بارودۆخەکە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا زۆر بە خێرایی دەگۆڕێت، وڵاتەکانی وەک فەڕەنسا و ئەڵمانیا کە هەڵگری ناسنامەی وڵاتەکانیان کە سەر بە ڕێکخراوی داعش بوون و لە ئێستادا لە کەمپەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا دەستبەسەرن پێویستە بگەڕێنرێنەوە بۆ وڵاتەکانیان. ئەوان پێویستە گەڕانەوەی منداڵەکان بکەنە کاری لەپێشینە، ئەگەر ئەوان هەتیو بن، یان مێردمنداڵ بێ تاوان، بەڵام ڕەنگە پەیوەست بن بە دایکێکی داعشەوە کە مەترسی ئەمنی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە. گەڕانەوەی ئەوانەی پەیوەندیان بە داعشەوە بووە بە تەواوی پرسێکی سیاسی مشتومڕاویە، لە هەندێک حاڵەتدا، ڕەنگە مەترسیداربن لە ڕووی ئەمنییەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا دەستبەرداربوونی ئەو منداڵانە و نقوم بوونیان بە هۆی پێکدادانەکانی ئێستاوە ناپەرپرسیارێتییە. ئەگەر ڕۆژهەڵاتی سوریا نوقمی گێژاو بێت، ئەوا عێراق بە دڵنیاییەوە زیانی پێدەگات، هەروەک چەکدارەکان بە ئاسانی سنورەکان دەبڕن. وەک بەرپرسێکی ئەمنی نەینەوا دەڵێت «ئەگەر سوریا بکۆکێت، ئەوا عێراق ئەنفلۆنزا دەگرێت.»

تا ئێستا وادەردەکەوێت کە هێزە ئەمنییەکانی عێراق توانیویانە ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش ئیحتیوا بکەن و واپێدەچێت زیاتر لاوازیان بکەن. بەردەوامی ئەم پرۆسەیە پێویستی بە هەوڵی جیدی عێراق و هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان هەیە، بە تایبەتی ئەگەر بارودۆخەکە بەرەو خراپی بچێت لە سوریا. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، عێراق و هاوبەشە نێودەوڵەتییەکانی پێویستە زۆر بەئاگا بن لەوەی کە ڕێگە نەدەن ناکۆکییەکانی نێوان ئێران و ئەمەریکا یان ئێران و ئیسرائیل بگوازرێنەوە بۆ عێراق.

عێراقییەکان بە هیچ شێوەیەک نایانەوێت وڵاتەکەیان جارێکی تر ببێتە شوێنی یەکلایی کردنەوەی ناکۆکی لایەنە دەرەکییەکان. ئەگەر ناکۆکییەکانی نێوان ئێران و ئەمەریکا لە ناوچەکە، یان بەردەوامی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر هاوپەیمانەکانی ئێران لە عێراق بەردەوام بێت ئەوا سەر دەکێشێت بۆ توندوتیژی لە دژی ویلایەتە یەکگرتووەکان و هێزە بیانییەکانی تر لە عێراق، هەروەها بارودۆخەکە لە عێراق بەدڵنیاییەوە بەرەو داڕووخان دەچێت بە شێوەیەک ئامادەیی هاوپەیمانە نێودەوڵەتییەکانیش هاوکار نابن. داعش لەم بارودۆخە سودمەند دەبێت. لەم سۆنگەیەوە، ستراتیجی واشنتۆن بۆ سەپاندنی زۆرترین سزا بەسەر ئێراندا و هەوڵەکانی ئەمەریکا بۆ فشارکردن بۆ ئەوەی عێراق بچێتە بەرەی ئەمەریکاوە لە دژی ئێران ڕەنگە باجەکەی زیندووبوونەوەی داعش بێت. بەهاوکاری هاوپەیمانان، حکومەتی عێراق پێویستە بەردەوام کاربکات لەسەر دابینکردنی ئاسایش لە ناوچە دوورە دەستەکان کە هێشتا داعش تێیدا چالاکە. ئەم ناوچانە پێویستە ئارام بکرێنەوە بە


KCCRC
ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

بوونی هێزی ئەمنی بۆ بنیاتنانەوەی ئەو ناوچانە و گەڕانەوەی دانیشتوانەکەی بۆ ئەو ناوچانە. حکومەت پێویستە لە هەمان کاتدا کار لەسەر دابینکردنی ئاسایش و بەهێزکردن و زیندووکردنەوەی چالاکییە ئابوورییەکان و گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ ئەو ناوچانە بکات. زیاتر لەوەش، ڕێگە خۆشکردن بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان زۆرێک لە خێزانەکان ڕزگار دەکات لە کەمپە ژهراوەییەکانی ئاوارەکانی عێراق. گەڕانەوەی سەقامگیری بۆ ئەو ناوچانەی ژێر دەستی داعش پێویستی بە کارکردن هەیە بە ئاراستەی سازشکردن لەسەر ناوچە جێ ناکۆکەکان لە نێوان حکومەتی ناوەندی کە کۆنترۆڵی ئەو ناوچانەی کردووە و حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەگەر ئەم دوو لایەنە نەتوانن هاریکاری بکەن لە نێوان هەوڵەکانی هێزە ئەمنییەکان، ئەوا بۆشایی ئەمنی دروستدەبێت و داعش دەتوانێت بە ئاسانی بیقۆزێتەوە.

هەروەها حکومەتی عێراق پێویستی بە چارەسەر بۆ خێزانەکانی داعش، بە تایبەتی ژن و منداڵەکانیان هەیە. بەرپرسەکانی عێراق دەڵێن ئەوان بە ڕاوێژ لەگەڵ نوێنەرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کاریان کردووە بۆ پەرەپێدانی پلانێکی نوێ بۆ ئەوەی ئەو خێزانانەی کە ئاوارەن بە پارێزراوی بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان، ئەمەش دەکرێت ئەنجامبدرێت لە ڕێگەی دووبارە بنیاتنانەوە و دیالۆگکردن لەگەڵ نێونەرانی ناوچەکان و شارۆچکە و گەڕەکەکان. عێراق پێویستە ڕێگە نەدات ئەو هاوڵاتیانە بە شێوەیەکی هەمیشەیی ئاوارە بن لە وڵاتی خۆیان.

بەشێوەیەکی فراوان، حکومەتی عێراق پێویستە بەردەوام بێت لە ئەولەویەتی دووبارە بنیاتنانەوەی ئەو بەشەی وڵات کە لە ژێر کۆنترۆڵی داعشدا بوون، نەک تەنها بەرەکانی پێشەوە گیرۆدەی هێرشەکانی داعشن، بەڵکو هەروەها ناوچەی موسڵ هەمان کێشەی هەیە. بە لەبەرچاوگرتنی نەمانی مەترسی داعش و ئەو کێشانەی ئێستا ڕووبەڕووی بەغدا بوونەتەوە، مەترسی ئەوە هەیە کە حکومەت سەرنجی لە سەر دووبارە بنیاتنانەوەی ئەو ناوچانەی دوای داعش نەمێنێت. دووبارە بنیاتنانەوەی ئەو شوێنانەی کە لە دەستی داعش ڕزگار کراون پێویستی بە سوربوونی بەردەوامی بەغدا هەیە بۆ بنیاتنانەوەی ئەو ناوچانە، هەروەها پێویستی بە بەشداری حکومەتە لۆکاڵییەکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان هەیە.

## دەرەنجام

ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە ئێستادا لە بارودۆخێکی لاواز و شلۆقدایە، بەڵام هێشتا دەتوانێت بەهێز بێتەوە. هەندێک لە ئەکتەرە نێودەوڵەتی و لۆکاڵییەکان کە ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشیان ڕووخاند لە عێراق و سوریا هێشتا دەتوانن ڕێگر بن لە دووبارە دەرکەوتنەوەی داعش. ئەم ئەرکەش پێویستی بە بەشداری چالاکی بەردەوامی ئەکتەرە لۆکاڵییەکانە لە هەردوو وڵاتی عێراق و سوریا بۆ شەڕکردن لە دژی گرووپەکە و درککردن بە گرنگی سەقامگیری ئەو ناوچانە لەدوای نەهێشتنی داعش. هەروەها ئەمە پێویستی بە هەوڵی جیدی هەیە بۆ وەستاندن و کەمکردنەوەی ناکۆکییەکان، هەم لە نێوان تورکیا و هێزەکانی سوریای دیموکرات لە سوریا، یان لە نێوان ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکان – کە ئەمە ڕەنگە دەسکەوتەکان لە شکستی داعش پێچەوانە بکاتەوە و ڕێگە خۆشکەر بێت بۆ گەڕانەوەی گرووپەکە.

## لینکی سەرچاوە:

https://www.crisisgroup.org/middle-east-north-africa/eastern-mediterranean/syria/averting-٢٠٧-isis-resurgence-iraq-and-syria?fbclid=IwAR٣٤a_OGPLfmfkjxq_kLABeHujHK٦uuXr_SaHjNQgJPKo٨٨t٢ualysIBhnk

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

## دەربارە

ناوەنـدی کوردسـتان بـۆ توێژینـەوە لـە ململانـێ و قەیرانـەکان ناوەندێکـی قازانـج نەویسـتی سـەربەخۆیە، کاردەکات بـۆ ئەنجامـدان و پشـتگیریکردن و هاندانـی توێژینـەوەو پێشکەشـکردنی بـە ڕای گشـتی، هەروەهـا وەرگێڕانـی کتێـب و نوێتریـن توێژینـەوە جیهانییـەکان بـۆ سـەر زمانـی کـوردی و دەوڵەمەندکردنـی لیتریچـەی کـوردی لەبوارەکانـی سیاسـەت و دیراسـاتی ئاینـدە، بـە مەبەسـتی دۆزینـەوەی چارەسـەر بـۆ گرفتـە سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و ئەمنییـەکان، ئاگادارکردنـەوەی دەسـتەبژێری سیاسـیی کـورد لـەو هەڕەشـانەی کـە ڕووبـەڕووی کوردسـتان و ناوچەکـە دەبنـەوە.

Political Studies PS

Terrorism & Security Studies TSS

Islamic Studies IS